کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# خۆ گێل کردن، و چەواشەکردنی راستیەکان org

وەلامێک بۆ کاک نەوید میهراوەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران.



*عرفان تارین، ولاتی نەرویج، بەرواری 23.02.2007*

هەربار کە سەرانی سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران گفتوگۆیەک لەگەڵ رۆژنامەی دەرەوەی ئەم رێکخراوەدا سازدەکەن، دەستە گوڵێک بە ئاو دەدەن، و زیادتر رووی ئەسلی خۆیان بە خەلکی کوردستان نیشان دەدەن، ئەو روویەی کە لە پشتی پەردەی ناوی کۆمەڵە خۆیان حەشار داوە و سات و سەودا بەم نێوەوە دەکەن.

ئەم جارە رۆژنامەی ئاسۆ لە بەرواری 21.02.2007 هەندێک پرسیاری ئاراستەی کاک نەوید میهراوەر کردوە کە جوابی ئەم پرسیارانە بۆ خۆی جێگای سەرنج و تێروانینە. دیارە پێی دەچێت کە کاک نەوید ، پێش ئەوەی کە فکری لە پرسیارەکان کردبێتەوە، جوابەکەی دابێتەوە.

لە پرسیاری بۆچی پەیرەوی ناوخۆتان هەر بەیانیەکەی حیزبی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵەیە، کاک نەوید دەلێت گوایە ئەمە بەیانیەیەکی جیهاننیە و موڵکی کەس نیە، بەلام لە هامان کاتیشدا دەلێت کە بە قەلەمی کاک عەبدللای موهتەدی نوسراوە. ئەگەر

ئەمە راستەو باوەرتان پێی هەیە و ئەنجامی قەلەمی کاک عەبدللای موهتەدیە، بۆچی ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانتان جێهێشت؟ یان تەنها لەبەر ئەوەی کە بە قەڵەمی کاک عەبدللای موهتەدی نوسراوە، قەبوڵتانە، نەک لەبەر نێوەرۆک.

بە پیێ قسەکانی کاک نەوید، ئەوان ئیختیلافی سیاسیان لەگەڵ بەرنامە و کاری کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا نیە، بەلکو کێشەی ئەوان کێشەی دەسەلات و پۆستی سەرکردایەتی بوە و هیچی تر.

پاشان سەبارەت بەوەی کە سازمانی زەحمەتکێشان وەک رێکخراوێکی چەپ ، چەپڵەی بۆ ئامریکا لێدا لە کاتی داگریرکردنی عێراق لە سالی 2003 دا، کاک نەوید  باس لەسەر ئەوەدەکات کە گوایە زۆربەی ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە چەپ دەزانن، لە واقیع دا چەپ نین. بەلام لێرەدا نارونیەک هەیە، کە کاک نەوید کام معیاری بەکار هێنا بۆ پێناسەکردن و ناساندنی رێکخراوەکان بە چەپ یان بە راست؟ ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بخشێنین، بۆ مان دەر دەکەوێت، زاراوەی چەپ یان راست چۆن هاتە نێوە ئەدەبیاتی زانستی سیایەوەو.

بەکار هێنانی ووشەی چەپ و راست لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسی دا سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ پارلەمانی فەرەنسا دوای شۆرشی فەرەنسا لە سالی 1789ی زاینی دایە. لەم پارلەمانەدا ئەانەی کە دژی نیزامی پادیشاهی بوون، لە لای چەپ، و ئەوانەی کە خوازیاری مانندنەوەی نیزامی پادشاهی بوون، لە لای راست دانیشتبوون . هەر لە بەر ئەم هۆیە بیرۆکەی راستەکان و چەپەکان داهات. بۆیە تەنها خۆ پێناسەکرد بە چەپ مەرج نیە بۆ چەپ بوون و رادیکاڵ بوونی رێخراوێکی سیاسی.

ئایا تەنها معیارێک، عەمەل و کارکردی سیاسی نیە کە چەپ بوون و رادیکاڵ بونی رێکخراوێکی سیاسی دیاری دەکات ؟ تۆ کە بەخۆت دەلێی  چەپ بە عەمەلیش بیسەلمێنە کە چەپیت. دیارە ئەو رێکخراوانەی کە کاک نەوید رەخنەیان ئاراستەدەکات و دەلێت

ئەوان تەنها بە نێو چەپن، بە کارکرد و عەمەل نیشانیان داوە کە چەپ و رادیکاڵن، و قسەکانی کاک نەوید لە ژێر پێی سازمانی زەحمەتکێشان دەدات و هیچی تر.

لێرەدا یان کاک نەوید مێژووی نەخویندوەتەوە، یان خۆی لێ گێل دەکات، چونکە کاتێک کە ئێمە لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە، نیشانی دەدات کە ئامریکا گەورەترین دوژمنی بیری چەپ و کۆمۆنیست بوە لە سەرتاسەری گۆی زەوی دا، و بە هەموو توانای خۆی هەوڵی داوە بۆ تواندنەوەی بیری چەپ و کۆمۆنیستی لەسەر تاسەری جیهانی دا. یان ئەگەر ئامریکا دەستی یارمەتی بۆ رێکخراوێکی سیاسی درێژکردبێت، مەرج و شەرتی داناوە بۆ دانای یارمەتی. بۆ نمونە کاتێک بازاری هاوبەشی بازرگانی جیهانی، ولاتێک وەک ئەندام وەردەگرێت، هەندێک مەرج ئاراستەی ئەو ولاتە دەکات کە دەیەوێت ببێت بە ئەندم. یەکیک لە مەرجانە، قەبوڵ کردنی بازاری ئازاد، و کاپیتالیزم و حەتا گۆرانکاری لە دەستوری ئەساسی ئەو ولاتەش دا ئەگەر پێویست ببێت. ئامرییکا بۆ خۆی گەورەترین یارمەتی دەری بازاری هاوبەشی بازرگانی جیهانیە[1]. بۆیە بە فکری هێچ کەسێک دا نایەت کە ئامریکا یارمەتی حیزبێک بدات، کە بلێت چەپم، و بە بەرنامە دژایەتی بکات، دیارە شتێک لێرەدا هەیە کە سازمانی زەحمەتکێشان شاردویانەتەوە، یا خود ئەم رێکخراوە چەپەی ئەوان، زۆر تایبەتە.

پێداراگرتن و سور بوونی سازمانی زەحمەتکێشان لەسەر چەپ بوونی ئەم رێکخراوە، خۆشەویستی بزووتنەوەی تەنها دەتوانرێت لە یەک سەرچاوەوە سەرچاوە بگرێت، ئەویش چەپ و کۆمۆنیست لە نێو دڵی خەڵکی خەحمەتکێشی کوردستان دا. کۆمەڵە بە هۆی فکری کۆمۆنیستی بوو کە توانی ببێیت بە خاوەنی ئەو پایەگا عەزیمەی کە 16 ی گەلاویژی ساڵی 1384ی هەتاوی، مانگرتنی گشتی رابەرایەتی کرد لە مێژووی موبارزەی خەلکی کوردستان بۆ بەدەست هێننانی مافەرەواکانی خۆیان.

---

[1] World Trade Organization: http://www.changemaker.no/article/articleview/4547/1/467/

خەلکی کوردستان و مێژووی موبارزەی خەلکی کوردستان، کۆمەڵە وەک حیزبێکی چەپ و و کۆمۆنیست دەناسن، و باوەشی گەرمیان بۆ کردوەتەوە، هەربۆیە سەرانی ئەم رێکخراوە راستگۆنین چ لەگەل خۆیان، و چ لە گەڵ خەلکی کوردستان و رووی ئەسلی ئەم سازمانە بە خەلکی کوردستان نیشان نادەن، بەڵکوو ئەیانەوێت کە لە خۆشەویستی بیروباوەری چەپ و کۆمۆنیستی سودوەربگرن بۆ کیشانی خەلکی کوردستان بە لای خۆیان دا. هەڵدانی پەرچەمێکی 24 عەیاری ناسیۆنالیستی، یاریەکە بە ئاگر، کە سازمانی زەحمەتکێشان دەسوتێنێت، بۆیە زۆر بە وریایەوە دەیانەوێت هەنگاو هەلێنن، ئەویش بە چەواشەکردنی میژوو و دەرخستی هۆکاری جیابونەوەی ئەم رێکخراوە لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران. نمونەیەک سەبارەت بەم باسە، قسەو باسەکانی کاک عەبدللای موهتەدی کە "دەڵێت" حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، گۆرێکی بە کۆمەڵە بۆ ئەندامانی کۆمەڵە.[2]

سەبارەت بە مرۆڤ دۆستی ئامریکا، کاک نەوید دەڵیت کە "ئامریکا بە دوای قازانجی خۆیدا هاتوەتە ئیراق، وە هیچ پەیوەندیەکی بە مافی مرۆڤەوە نیە". ئەمە پرسیارێکی لۆژیکیە کە جوابێکی لۆژیکی پێویستە، کە سازمانی زەحمەتکێشان دەزانن کە سیاسەتی ئامریکا مرۆڤ دۆستانە نیە، ئیتر بۆچی چەپلەی بۆ لێدەدەن و دیانەوێت هەمان سیناریۆ لە ئیران دوپات بێتەوە؟ ئایا ئەمە تەنها خۆ گێل کردن نیەلە لایەن سازمانی زەحمەتکێشانەوە؟ ئەگەر خۆ گێل کردن نیە، چیتری لێبەدی دەکەین؟.

بە بروای من ئەوە ئەوپەری خەیاڵبازی سازمانی زەحمەتکێشان دەردەخات کە بیەوێت لە ئاوی لێل ماسی بگرێت، و بە چەپڵە لێدان بیهەوێت سود لە زل هێزێک بگرێت کە کاک نەوید بۆ خۆی دەڵێت، بوونی ئامریکا لە ناوچەکە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە نیە.

سەبارەت بە پرسیاری بوونی بەرەی چەپ و راست لە نێو سازمانی زەحمەتکێشان دا، کاک نەوید جوابێک داوەتەوە کە جێگای سەر سوڕمانە. کاک نەوید هاتوو و چاوی بەستوە لە بەرامبەر راستیەکان دا کە لە مێژووی چەندین ساڵەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی

[2] وتوووێژی رۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ کاک عەبدللای موهتەدی سکرتێری گشتی سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران، کە لە ژمارە 296ی رۆژنامەی ئاسۆ دا کەوتە بەردەست خۆێنەران.

ئیران دا نوسراوەتەوە. دیارە ئەگەر کاک نەوید مێژوویەکی چەواشەکارانە دەداتە دەرخواردی خوێنەرانی رۆژنامەی ئاسۆ، بەڵام خەلکی کوردستان بۆ خۆیان ئەم راستیانە دەزانن. کاک نەوید دەڵێت کە ئەوان ئەزموونی خراپیان هەیە لە بۆچوونی فکری چەپ و کۆمۆنیستی لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەدا، ئەگەر وایە، بۆچی پەیرەوی ناوخۆی سازمانی زەحمەتکێشان ، هەر هەمان بەیانییەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانە؟.

دیارە لێرەدا مەبەستی کاک نەوید، لە بەلارێدا چوون، دروست بوونی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کارگەریە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا. ئەو پرسیارەی کە شایانی خەڵاتی ئاڵتوونی دەبێت، ئەوەیە کە کێ بوو سەرەکی ترین هەڵسوڕاوی فراکسێۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری؟.

کاک نەوید خۆی زۆر باشتر لە من دەزانێت، دیارە دیسان کاک نەوید خۆی گێل دەکات لە راستی جوابی ئەم پرسیارە.

رابەری ئەو ئەزموونە تاڵەی کە کاک نەوید باسی لێدەکات، بەلام بە چەواشەکردنی راستیەکان، کاک عەبدوللای موهتەدی بوو. دیارە کە رابەری فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها کاک عەبدللا نە بوو، بەلام کاک عەبدللا، رابەری ئەم رەوتە بوو لە کوردستان.

بۆ سەرکەوتووکردنی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، کاک عەبدللا لە هیچ ئامرازێک درێغی نەکرد، بەلکوو زۆر رەفتاری ناردروستی کرد بەرامبەر هەندێک لە هاورێیانی خۆی کە یەکێک لەوانە کاک عمەری ئیلخانیزادەیە کە ئەمرۆ دەستەراستی کاک عەبدللای موهتەدیە.[3]

ئەگەر چی کاک نەوید خۆی گێل کردوە لە ئاست مێژووی کۆمەڵە و دەیەوێت چەواشەکاری بکات، بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان بۆخۆیان راستیەکان باش دەزانن.

---

[3] http://komalah.org/kurdish/bochon/jahani61129.pdf

هەر وتووێژێک، هەر ڕۆژێک کە لە تەمەنی سازمانی زەحمەتکێشان دەروات، زیادتر ڕووی ڕاستیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبێت.

کۆمەڵە، وەک ڕێخراوێکی چەپ، هەمیشە پاڵپشتی خەڵکی هەژار و زوڵم لێکراوی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەست هینانی مافەکانی خۆیان بووە. ڕاستگۆیی و سات و سەودا نەکردن بە خەلکی کوردستانەوە، وە هەروەها هەلگرتنی فکری کۆمۆنیستی لە لایەن ڕابەران و ئەندامانی کۆمەلەوە، کۆمەڵەی کردە خۆشەویستی هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان و ئیران، نەک چەپڵە لێدان بۆ زل هێزێکی وەک ئامریکا، یان چاو داخستن لە بەرامبەر زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی نێو کۆمەڵگا.

لە کۆتایی دەلێم کە وا دیارە کە کاک نەوید، یان حیزبەکەی خۆی ناناسێت و بەهەڵە لە نێو ئەو حیزبەدا فەعالیەت دەکات، یان، خۆی گێل دەکات لە ڕاستیەکان.


سەرچاوەکان

1- وتووێژی کاک نەوید میهراوەر لەگەر ڕۆژنامەی ئاسۆ

http://komala.org

2- وتووێژی کاک عەبدللای موهتەدی لەگەل ڕۆژنامەی ئاسۆ کە لە سمارە 296ی ڕۆژنامەی ئاسۆ دا بڵاو بویەوە.

http://komala.org

3- "تۆ مردیت و ئیمە سەربەرز و زیندو لەسەنگەری یەکسانی

خوازی کۆمەڵەماینەوە"، سدیق جیهانی

http://komalah.org/kurdish/bochon/jahani61129.pdf

4- بازاری هاوبەشی بازرگانی

http://www.changemaker.no/article/articleview/4547/1/467